# دەوڵەتی فیدراڵی لەنێوان خواستی ئەحزابی کورد و ڕەت کردنەوەی خەڵکی عێراقدا .



لەگەڵ ئەوەشداکەلەیەکێك لەبەندەکانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتی عێراقداسیستمی فیدراڵی ناوی هاتوە ، بەڵام جگەلەحیزبەکوردستانیەکان هیچ حیزب ولایەنێکی سیاسی عێراقی بەکردەوە لەگەڵ چەسپاندنی تەرحی دەوڵەتێکی فیدراڵی دانیەلەعێراقدا ، ئەوەندەش کەلێرەولەوێ شیعەمەزهەب وسوننەکانی ناوەڕاستی عێراق باس لە چەندهەرێمێکی فیدراڵی دەکەن ، ئەمەتەنهاوەکو ڕەدێکی ئیعتبارلەبەرامبەر داخوازی حیزبەکوردستانیەکان سەبارەت بەدەسەڵاتی فیدراڵی کوردستان نیشانی ئەدەن دەنا ئەم قسەوباسەهیچ ئیعتبارو نیەتێکی ڕاستەقینەی لەپشت نیە ، ڕاستی ئەم بۆچونەلەوەدادەردەکەوێت کەحکومەتەکەی ئیبراهیم الجعفری لەکاتی سوێندخواردنی یاسایی لەبەردەم پارلەمانی نوێی عێراقدا ، بەهاوپەیمانی شیعەوسوننەوە وشەی فیدراڵی ویەکێتی نیشتیمانی عێراق لەناوەرۆکی ئیلتزاماتی سوێندخواردنەکەڕەش کرابونەوە ، هیچ گومانیشم لەوە نیەکەتەرحی فیدراڵی لەڕاپرسی یەکی سەرتاسەری وگشتی دالەلایەن سەرجەم خەڵکی عێراق وە بەتوندی ڕەت دەکرێتەوە ، هەروەهالەدەرەوەی عێراقیشدابیرۆکەی فیدراڵی لەسەرجەم وڵاتانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی و وڵاتانی ناوچەکەبەتایبەتی پشتیوانی وپێشوازی لێ ناکرێت .

لەدوای ڕوداوەکانی جەنگی کەنداو وتدخلاتی وڵاتانی ئەوروپاو دەرکەوتنی کۆمەڵێك معادەلاتی تازەی ئەمریکاسەبارەت بەسیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەلەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بیرۆکەی تەرحی فیدرالیزم وەك ئاڵتەرناتیڤێك بۆدەوڵەتی ئایندەی عێراق بەفشاری ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد وپشتیوانی دەوڵەتی ئەمریکاگەڵاڵەبو ، دەبێ ئەوڕاستی یەش بوترێ تاکودوای ڕوداوەکانی جەنگی کەنداو هەرجۆرەبیروڕایەکی عێراقچێتی بەتوندی دەکەوتەبەرتیرەوتانەی ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد .

مەسەلەی گەڵاڵەبونی تەرحی فیدرالیزم وزەق کردنەوەی وەك ئاڵتەرناتیڤ وستراتیژی ئاسۆی خەباتی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی کوردستان ، بەجیالەووەی کەئەم تەرحەڕاپرسی گشتی بۆنەکراوە و هیچ ئیعتباریکی شەرعی وقانونی خەڵکی کوردستانی لەپشت نیە ، مانەوەی کوردستان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا پابەندئەکات وگەورەترین فرسەتی مێژوویی وەك ئەمڕۆبۆڕزگاری یەکجاری وپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەدەست ئەدات .

بەتەنهائەوەمافی خەڵکی کوردستانەکەچارەنوسی سیاسی وڵاتەکەی لەڕاپرسی وریفڕاندۆمێکی ئازادانەدا بەبێ دەست تێوەردانی ناوخۆ و دەرەکی دیاری بکات و بڕیارلەسەرمانەوەلەچوارچێوەی دەوڵەتی ناوەند یان سەربەخۆی بدات ، تەرحی دەوڵەتێکی فیدراڵی لەسەربنەمای خێڵەکی وتائیفەگەری کەسەرێکی شێعەوسەرێکی سوننەیەوسەرەکەی تری کەلەژێرکاریگەری ئەفکاری ناسیۆنالیستی کوردی وعەرەبی دا برینی جەستەی خەڵکی عێراقی تاسەرئێسقان بردوە وهیچ ئینسجامێکی دەرونی ئەم هێزەسیاسی یانەی لەدەوری یەك کۆنەکردۆتەوە ، نەك هەرهیواوئومێدێکی باشی لێ چاوەڕوان ناکرێت بۆئایندەی عێراق وپێکەوەژیانێکی ئاشتیانەلەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقدا ، بەڵکوهەرلەسەرەتاوەلایەنەکانی بەرامبەر لەمڕاسمی سوێندخواردن و لەدەست پێکی یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربونی دەوڵەتی

**نوێی عێراقدانا پاکی وبەدنیەتی خۆیان لەبەرامبەربەمافەکانی خەڵکی کوردستان وئایندەی سیاسی عێراقدا نیشان دا .**

**ئەوەی کەلەمڕاسمی سوێندخواردنی دەوڵەتی نوێی عێراقداڕویداسەبارەت بەلابردنی وشەی فیدراڵی وئیتحادی ، نیشاندانی حەقیقەتێکی شاراوەیەلەبەرامبەرئایندەی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراق وزەنگێکی خەتەرناك وپەیامێکی ڕاستەوخۆبو سەبارەت بەڕەت کردنەوەی حکومەت ودەسەڵاتێکی فیدراڵی لەعێراقدا .**

**ئەگەر مەبەستی ئەمریکابۆپشتیوانی لەبیرۆکەی فیدرالیزم ، پێشگرتنەلەدامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی میلیتارستی یەکپارچەوتۆکمەوپێکهێنانی چەند دەسەڵاتێکی ناوچەیی لاوازەلەعێراقدا ، بەمەبەستی کەم کردنەوەی مەترسی یەکانی ئەم وڵاتەلەسەرئیسرائیل وبەرژەوەندیەکانی خۆی لەناوچەکەدا ، لەلایەکی ترەوەپاراستنی یەکپارچەی خاکی عێراق ودامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی بەهێزوئەنتی ئەمریکی لەلایەن خودی خەڵکی عێراق و زوربەی هەرەزۆری دەوڵەتانی ناوچەکەوەپشتیوانی لێ دەکرێت ، لەگەڵ ئەوەشداکەسیستمی فیدراڵی لەگەڵ پرەنسیبی دیموکراسی سەردەم دێتەوەوبەشێوەیەکی کاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد دەگەێنێتەدەسەڵات ، بەڵام بەهۆی ئەوەکەبەفیدراڵی کردنی سیستمی دەوڵەتی لەعێراقدا کارێکی تەحمیلی یەوپێچەوانەیەلەگەڵ خواست وئیرادەی هێزەسیاسی یەکان وخەڵکی عێراق ، هەربۆیەچاوەڕوانی ئەوەناکرێت ئەم پرۆسەیەسەرکەوتوبێت وئەمجارە ناسیۆنالیستی عەرەبی هەوڵ ئەدات بەڕێگای حیلەشەرعی دیموکراسی یانەکێشەی میللی کەمایەتی یەکان لەعێراقدا بخاتە پەراوێزەوە .**

**فیدرالیزم لەزانستی کۆمەڵایەتیداجگەلەوەی زۆر رون وئاشکرانیەوواتاکەی {یەکێتی یان هاوپەیمانەتی} دەگەیەنێ لەنێوان دولایەن یان چەندلایەنێکی جیاوازدا ، بەڵام ئەوەی کەتەرحی فیدرالیزم وەك ئاڵتەرناتیڤی دەوڵەتی عێراق دەخاتەژێرپرسیاروگومانەوە لەمەیدان دەرکردنی ویست وئیرادەی سیاسی خەڵکی عێراق وداسەپاندنی ئەفکاری بیروکراسیانەیەبەسەرگەلانی عێراقدا ، دەست بردن بۆکارێکی ئەوتۆ لانی کەم دەبێ لەڕیفڕاندۆمێکی ئازادانەداڕا پرسی یەکی گشتی بۆبکرێت ، بەتایبەتی سەبارەت بەچارەنوسی سیاسی کوردستان ، جوگرافیای سیاسی کوردستان ناڕۆشنەوخەڵکەکەشی ژێردەست کراوە بۆیەتەنهاڕێگاچارەی دروست وئینسانی ئەوەیەکەلێ گەڕێن خەڵکی کوردستان لەڕیفڕاندۆمێکی ئازادانەدابڕیارلەسەرچارەنوسی خۆی وئایندەی سیاسی کوردستان بدات ، هەرتەرحێکی تری سیاسی سەبارەت بەخەڵکی کوردوچارەنوسی سیاسی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم حەقیقەتەئاسۆیەکی شکەستەوژێرپێی خاڵی یە ، مافی فیدرالیزم دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ وجیابونەوە ناگرێتەوە ، بەڵکووبەپێچەوانەوەسیستمی دەوڵەتی فیدراڵی بەتەواوی پارێزگاری لەیەکپارچەیی خاك ویەکێتی قەوارەی سیاسی دەوڵەت دەکات ، لەبەرئەوەی دەسەڵاتەفیدراڵیەکان مافی سەربەخۆی دەوڵەتیان نیەوسنتریالیزمی دەوڵەتی ڕۆڵی ستراتیژی وئەساسی دەگێڕێ ، لەوناندەدامەنتقی دیموکراسی ئاسۆیەکی گەش بۆهیواوئومێدەکانی خەڵکی کوردستان سەبارەت بەسەربەخۆیی ورزگاری یەکجاری لەم قۆناغەداناهێڵێتەوە .**

**ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان**

هۆڵندا 2005-5-11